مێژوو

سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکەی کورد لە ساڵی ١٨٨٠ دا

نوسینی : دوکتۆر جەلیلی جاسم
د . کاوس قەفتان لە ڕووسی‌یەوە
وەری‌گێڕاوە .

ئەو تەنگ‌و چەڵمە سیاسییەی . لە ئەنجامی شەڕەکەی نێوان ڕووسیاو تورکیا ، تووشی تورکیا بوو . دۆخێکی ئابووری ڕووخاوی پەککەوتووی بەدووای خوێدا هێنا . کردەوە جەنگییەکان کارێکی تەواو خراپیان کردە سەر دۆخی ئابووری دوچە ڕۆژ هەڵاتییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی .

بەزۆر سەربازگرتن‌و کزبوونی ژمارەی هێزی پیاوانی کارکەر . بووە هۆی ئەوەی ژمارەی جووتیارەکان تەواو بێتەخواری‌و ناحەزی‌و ناڕەزایی جەماوەری جووتیارەکان تێن‌بسێنی‌و بەرەو ڕاستبوونەوە هانیان بدات .

لە ئەنجامی شەڕەکە ، ئابووری وولات کەوتە دوخێکی وەها شکستەوە ، ناچاربوو تا ڕادەیەکی زۆر خۆی بخاتە باوەش سەرمایەی بێگانەوەو بیکاتە پاڵپشتی خۆی . ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٧٩ دا بەتەواوەتی نابووت‌بوو . بەهۆی زۆرلێ کردنی دەوڵەتە ڕۆژ ئاواییەکان سوڵتان ناچاربوو (مەرسوومی موحەرەم) بڵاوبکاتەوە[١] . ئەمەش بریتی‌بوو لە ڕێککەوتنێکی ناهەموارانە لەگەڵ خاوەن قەرزەکانیدا . لە ساڵی ١٨٨١ وە کە بەڕیوەبەرایەتی «قەرزدانەوەی دەوڵەتی عوسمانی» دامەزرا ، لەوساوە تورکیا بەرەسمی کەوتە ژێرچنگی دارایی جیهانییەوە . وولاتە خاوەن (بەریتانیا ، فەرەنسا ،

ئەڵەمانیا ، نەمسا ، مەجەڕ ، ئیتالیا) ، مافی تایبەتی و ئیمتیازاتیان لە تورکیا وەرگرت .

کاربەدەستان بۆ : ئەوەی خەزینە عەتاڵ و بەتاڵەکە پڕبکەنەوە ، کەوتنە بەرزکردنەوەی رادەی باج سەندن . لە تەك باج سەندنیشدا ، زۆرداری لە خەڵکی کردن و رووت کردنەوەیان لەلایەن مووچە خۆرە تورکەکان دەرەبەگەکانەوە دەستی پێ کرد . شتێکی سەیر نەبوو جارەهای جار رووبدات کاربەدەستانی تورك داوا لە جووتیارەکان بکەن بەرهەمی ساڵی داهاتوویان بدەنێ(۲) . بۆنموونە ئەمەیان لەگەڵ هەرێمی باشقەڵادا کرد . هەرچەندە شوێن و ناوچەی وەها هەبوو ژمارەی مەڕومالاّت تەواو کز بووبوو ، بەلاّم کاربەدەستان لیستە کۆنەکانیان ئەخوێندەوەو بەپێی ئەو لیستانە باجی مەڕو مالاّتیان ئەسەند(۳) . لەوەش زیاتر بێ بەزەییانە رادەی باجەکانیان بەرزئەکردەوەو ماوەی کۆکردنەوەشیان کورت‌تر ئەکردەوەو ژمارەی مەڕو مالاّتیان گەلێك لەوە زۆرتر دائەنا لە راستیدا هەبووو موڵك و باجی زەوی بەروبوومی و باجی تریشیان دووقات ئەکرد(٤) . لە ئەنجامی رووتاندنەوەو خوێن‌مژینی بێ رادە ، ئابووریە لاوازەکەو ئەو کشتوکاڵەی کوردو ئەرمەن کە هەر رۆژە لە بارێك‌دا بوو ، تەواو تیاچوو . گەلێك لە جووتیارەکان لەتاوا بوونە کرێکار لای خاوەن زەوییە گەورەکان یان لای خان و بەگە کوردەکان ، ژمارەیەکی تریشیان بۆ ئیش و کار دۆزینەوە روویان کردە شارەکان . گوندەکانی خۆیان بەجێ ئەهێشت ، بۆ ماوەی چەند مانگێك بگرە بۆ چەند ساڵێك بەئاوارەیی ئەژیان . کوردەکان لە گەلێك هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە نیشتمانیان بەجێ‌هێشت و هی وەهایان هەبوو روویانکردە باکۆوبتلیس وشارانی‌تر . بۆنموونە زوربەی ئەو کوردانەی روویان‌کردە بتلیس لە کوردەکانی ناوچەی مووش بوون . « . . ئەگەر پرسیارت نەکردایە ئێوە کوێندەرین ؟ رۆژنامەی (مشاك) لە یەکێك لە هەواڵەکانیا ئەنووسێت — بە زەحمەت ئەزانرا ئەوانە کوردن و ئەرمەن نین . هەژاری و عەوداڵ بوون بەشوێن پاروویەك ناندا لە یەکی نزیك کردبوونەوەو هاوجۆرییەکی وەهای دابوونی و کردبوونی بەبرای هاو دەردی یەکتر بەرادەیەك لە یەك جیا نەئەکرانەوە»(٥) .

دام و دەستگاکەی تورکیا لەوەدا نەبوو وولاّتەکە بەڕێوەبەرێت . خراپەو سەرکێشی‌کردن لە ئاست پاسادا تەشەنەی کردبوو ، دارزاندن دابوویە لەشی دەوڵەت . پاکیمانسکی یاریدەدەری کۆنسوڵی رووسیا لە دیاربەکر لە راپۆرتەکانی یەکەمیا هەمان راستی ئەخاتە بەرچاوو ئەوە رائەگەیێنێ کەدام و دەستگای بەڕیوەبردن لەهەرەس هێنانێکی تەواودایە . بەواتەی ئەو سەرچاوەی هەموو ئەو خراپی و زۆرداری و دڕندایەتییە ، عیزەت پاشای موتەسەریفی گشتی هەرێمەکە بوو .

«پیاوێکی ئەسکەرییە ، جگە لەوەی لەهیچ مەیانێکی رۆشنبیریدا شارەزانییەو دەستی ناڕوات ، بەڕیوەبەرێکی تەواو بێ تەجروبەشە لەوانەش زیاتر بەئاشکرا رەشوەت وەرئەگرێ .»(٦)

مووچەخۆرەکانی ژێر پلەی موتەسەریف ، خراپ‌ترو دڵ رەقانەتر لاسایی‌کردەوە نارەواکانیان ئەکردەوە . دام و دەستگا قەزاییەکانی هەرێمی دیاربەکر لەدووا پلەی بێ رەوشتیدا بوو . تاوان بارەکان هەرگیز ئەیان توانی بەرەشوەت دانێکی چەور خۆیان لە سزادان رزگار بکەن . هەر کێشەیەك دوورایی لەسەر بووایە ، ئەو لایە ئەیبردەوەو رزگاری ئەبوو رەشوەتێکی زۆرتری بدابایە .

ئەوەی پێویستایە بیێتە قازی ، ئەبوو رەشوەتێکی باش بدات . گومانیش لەوەدا نییە هەموو قازییەك دڵنیابوو لەوەی

زۆر لە شوێنەکەی خۆیدا ئەمێنێتەوە . لەبەر ئەوە بە هەموو جۆرێك هەوڵی ئەداو هەموو رێی و شوێنێکی خواری ئەگرت تا خێراتر گیرفانی پڕ بکات .

وەنەبێ ئەم دۆخەش لە دەستگانی سەر بە پۆلیس و سەربازیدا باشتر بووبێت . بەشێك لە هێزە سوپاییەکانی تورك پاش شەڕەکە تواناو هێزی جەنگاوەرییان نەما . خراپەکردن و رووت کردنەوەو تالانکردنی دانیشتووانی سەرڕێی سەربازەکان . ئەوەندە دوو بارە ئەبوونەوە . بووبوونە خوو دەڤی خۆیان وەرگرتبوو .

لە ساڵی ١٨٧٩دا . دانیشتووانی هەرێمی دیاربەکر . لای کاربەدەستان شکاتیان لەدەست درێژیو کردەوەی نارەوای هێزە نیزامیو غەیرە نیزامییەکان کرد . ئەو رادە نزمەی بێ جڵەوییەی لە سوپادا هەبوو . بەزۆری بەهۆی نەبوونی ئۆردووگاو جلو بەرگو پێکی مانگانە دانەوە بوو .

سەرەرای ئەو دۆخی دارایيە سەختەی وولات کەوتبووە ناوی . کەچی کۆشکی سوڵتان . پارەو پوولێکی زۆری بۆ خۆشو رابواردنی خۆی خەرج ئەکرد . موتەسەریفی هەرێمەکانی رۆژهەلات زۆر جار بە برووسکە فەرمانیان بۆ ئەهات بەگورجی مەبلەغێکی نیشانکراو بۆ ئەستامبوول بنێرن . بەو نیازەی بۆ ئەم یان ئەو پێویستی کۆشك خەرج بکرێت . ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٨٠ دا . کاتێك گشت هەرێمی ئەرزروم تووشی دەردی برسێتی بووبوو . والییەکەی برووسکەیەکی بۆهات . داوای لێکرد خێرا پانزە هەزار لیرە بۆ کۆشك ئامادەبکات . برووسکەیەکی تری وەهاش بۆ سەرداری تەرابزوون نێردرا[٧] .

بەهۆی بەتاڵی خەزێنەوە . جەندەرمەو پۆلیسەکان بۆ ماوەی چەند مانگێکی زۆر مانگانەیان وەرنەگرت[٨] . کاربەدەستان ئاوڕیان لە ناوبردنی دزیو جەردەییو

رووتکردنەوە نەئەدایەوە . ئاگان لەوەبوو چۆن قازیو سەردارەکان ئەکرێن .

بەهۆی ئەو دۆخە داراییە قورسو ناهەموارەی پەیدا بووبوو . هەروەها لە ئەنجامی پەرەسەندنی ناردزانی میللەتو پاش ئەوەش دەوڵەتە رۆژئاواییەکان سەریان کردبووە سەر کاربەدەستانی تورکیا . ناچاربوو بەڵێن بدات . دەستێك بە هەرێمە رۆژ هەڵاتییەکاندا بهێنێ . دانیشتووانی ئەو ناوچانەش . کە لە ئەنجامی شەڕەکەو دڵ رەقیو دڕندیەیەتی دەوڵەتەوە نابووت بووبوو تەواو پەکی کەوتبوو . بەچاوێکی پڕ لە هیواوە چاوەڕوانی ئەو دەست پیاهێنانە بوو .

بەمەبەستی روونکردنەوەی ئەو نیازو خواستانەی بۆ دانانی پرۆژەیەکی دەست پیاهێنان لە بەردەستدا بوو . لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٨٧٩ دا لیژنەیەك پێکهات بریتیبوو لە عەبدین پاشاو ماناس ئەفەندی . ئەم لیژنەیە نێردرا بۆ ئەرزرۆمو خارپوت .

بەڵام لیژنەکە بەشی بێ کارییەکی تەواوبوو . لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو هاتو چۆکردنی لیژنەکەو دەستو پێوەندەکانی بووە باروو ئەرکێکی قورسو گران بەسەر دانیشتووانی ئەو ناوچانەوە .

بەکر پاشاو ئەسکەندەر بەگ بەنیازی تەماشاکردنو لێکۆڵینەوەی دۆخی هەرێمی دیاربەکر . نێردران بۆ ئەوێ . سەعید پاشا (کۆنە موتەسەریفی تریپۆل)و سولەیمان پاشای (عەقیدی دەریاییو یاوەری سوڵتان) پاڵکوفنیك شاکر بەگ . ئەوەی لە سوپای فەرەنسیدا خزمەتی کردبوو . پاڵکوفنیك تایەر بەگ . ئەوەی شەش ساڵ لە سلکی دیبلوماسی بوو لە هندستانو دوو سالیش لە چینو کاپتەنی ماورەکوردات . مولازیم یوسف بەگو شیڤێری ئینگلیزیو گ . بیرگیپی سکرتێر[٩] . ئەمانە پەشداری لیژنەکەی بەکر پاشایان کرد .

لیژنەکە لە شوباتی ساڵی ١٨٨٠ دا گەیشتە دیاربەکر . بەڵام لە راستیدا هیچی بە هیچ نەکرد . لیژنەکە سێ مانگ لەوێ مایەوە ، دوواپی لە رێی مووسڵەوە چوو بۆ بەغدا . موتەسەریفی گشتی کە دی خەزێنەی ولایەتەکە بەتاڵەو بۆ ئەوەی خەرجی لیژنەکە تامین بکات ، ناچاربوو بکەوێتە فرتو فێڵ پەنابەرێتە بەر رێگای خوارو خێچو زۆر لێ‌کردن ، هەتا بتوانێ باجی دوواکەوتوو کۆبکاتەوە[١٠] .

بەواتەی یاکیمانسکی یاریدەدەری کۆنسوڵی رووسیا لە دیاربەکر ، گەلێك لە ئەندامانی لیژنەکە باوەریان وابوو قەت پێیان ناکرێت دۆخی ناوچەکە چاكبکەن ، بەڵام بەپێی ئامۆژگارییەکانی ئینگلیز ئامانجی ستراتیجی گەورەیان هەبوو[١١] .

پێویستە ئەوە دەست‌نیشان بکرێت کە ئینگلیز لەم ماوەیەدا بێ ووچان هەوڵی ئەدا دەست بخاتە کاروباری سوپاو جەندرمەی تورکیاوە . بەریتانیا کە باش ئاگاداری توانای جەنگاوەری سەربازی سوپای تورك‌بوو ئەیزانی تا چ رادەیەك نزمەو بەرەڵلای چەند لە ناویان بلاوە ، هات خزمەت گوزاری خۆی خستە بەردەم‌بەو نیازەی رادەی تاعەتو رێكو پێکیان بەرزبکاتەوە . کۆشك ئەم پێشنیارەی بەدڵ بوو . لە شوباتی ساڵی ١٨٨٠ دا ، کاپتەن نۆرتۆنی ئینگلیزی لە مووشەوە بەرەو بتلیس کەوتە رێ . لە ئەرزرۆمیش کولۆنیل کووپ روتبەی سەرەك موفەتیشانی جەندرمەی ئەو ناوچانەی پێ‌درا[١٢] .

نە هەوڵو تەقەللای ئینگلیز ، نە کۆشش‌و چالاکی لیژنەکە بۆیان نەکرا ، دۆخی ئابووری رووخاو دۆخی بەریوەبەرایەتی شێواوی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی باشتربێت یان بگرە بەهێزتر نەبێت . لە زستانی ساڵی ١٨٧٩-١٨٨٠ دا برسێتییەکی قورس زوربەی هەرە زۆری هەریمەکانی رۆژهەڵاتی تورکیای گرتەوە . لە مارتی ساڵی ١٨٨٠ دا رۆژنامەی (تایمس) هەواڵێکی بلاوکردەوە کە لە ئەستەمبووڵەوە پێی‌گەیشتبوو تیایا هاتبوو :

«هەژاری‌و برسێتی لە دیاربەکرو مووسڵ تەواو پەرەیان سەندووە ، دانیشتووانی دەوروبەری مووسڵ ، لە هەموو وەسیلەیەکی ژیان‌و بوون بێ بەشن ، بەڵام هیوا هەیە بەرهەمی داهاتوو دۆخی لێقەوماوەکان باشتر بکات .»[١٣]

لە ئەنجامی بێ بارانی‌و نەبوونی دەغڵو دان نرخی نان زۆر بەرزبۆوە . کاربەدەستانی ناوخۆیی ، ئەوانەی بازرگانێتیان بە پارووی میللەت ئەکردو دەستیان لە بازاری رەشدا هەبوو هەوڵیان‌دا هێندەی تر دانیشتووەکان برووتێننەوەو خوێنیان بمژن . ئەوەبوو حەسەن پاشای سەرداری هەکاری ، نزیکەی ١٢ هەزار[١٤] کیلۆ گەنم‌و جۆی لە عەمارەکانی واندا هەبوو . ئەو حەسەن پاشایە گوێی لە داخوازی دانیشتووەکان نەگرت‌و رازی نەبوو ئەو گەنم‌و جۆیەیان بەقەرز بداتێ . بەڵام دووای ئەوەی دەمی بە رەشوەتێکی گەورە چەور کرا ، رازی‌بوو هەموو ئەو گەنم‌و جۆیە بە نرخێکی هەرزان بدات بە قاچاغ چییەکان[١٥] .

ئەوانەی دەسەڵاتیان بە خواروو خیچی بەکار ئەهێنا ، لە هەریمەکانی تری وولاتیشدا هەلیان ئەدۆزییەوە . بۆ نموونە مووچەخۆرە تورکەکان لە خارپووت (٣٠) هەزار کیلۆ گەنم‌و جۆیان بە قاچاخ چییەکان فرۆشت ، ئەوانیش لە دوواییدا بە دووقات‌و چوار قات بەخەڵکیان فرۆشتەوە[١٦] .

ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نان ، وەك ئەنجامی شەرەکەو بێ بارانی بوو . ئەوەبوو هەژاری بێ رادەو برسێتی دەردو نەخۆشی بەدوای خۆیانا هێنا . بۆنموونە دیزانتیریا لە هەکاری تەشەنەی‌کرد . کاربەدەستانی تورك لەوە تۆقان نەخۆشییەکە تەشەنەبکات ، بۆیە خێرا لە ئەرزروومەوە (لافویان)ی ، پزیشکیان نارد بۆ ئەوێ ، ئەویش بلاوی‌کردەوە کە زیاتر لە دە هەزار کەس لە هاکاری لە تاو برسێتی مردن . دانیشتووە کوردەکان لە هەمووان زیاتر ئەم دەردەیان چێشت[١٧] . (لە

هەکاری ئاسووریش هەن – وەرگێر) .

ڕۆژنامەی (مشاك)ی ، تفلیسی لە ساڵی ١٨٨٠ دا ، هەموو ڕۆژ هەواڵی برسێتی ئەم ناوچە یان ئەو ناوچەی تورکیاو ئێرانی بڵاو ئەکردەوە . بەئەو پەڕی تراگیدیاوە لە دۆخی هەژاریو برسێتی ئەرمەنو کوردەکان ئەدووا . «برسێتی – مشاك ئەنووسێت – پەرەئەسێنێ . خەڵکی لە هەموو شوێنێك ڕەشو ڕووتو هیلاكو لەڕو پەککەوتەن . لەتاو دەردو نەخۆشو برسێتی پێستیان بە ئێسکیانەوە نووساوە . بە شەقامەکاندا ئەسووڕێنەوە بەهاناسکە برکێوو نزگەرەوە . بێ وەستان داوای بەزەیی ئەکەن . گەلێك لە برسانا مردن[18] .

«لە هەرێمی باشقەڵا بەڵای کەمەوە دە هەزار کەس مردن . دوو هەزار تا سێ هەزاریش لە بایەزیدو ئالاشکێرت تیاچوون . ژمارەیەکی وەهاش لە ناوچەکانی میدیاو بۆتانو جزیر لەناوچوون ، باسی سەدەها کەسانیش ئەکرێت کە لەڕێگاو ڕێگەکاندا بەلاداهاتن»[19]

دۆخی نیمچە کۆچەرو دانیشتووەکانی کوردستانو ئەرمینیا بەجۆرێکی تایبەتیو جدی کاریانکردە سەر ئەستەمبوولو ناچاریانکرد لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٠ دا ، یاسەیەك دەربارەی کەمکردنەوەی نرخی پارە بڵاوبکاتەوە . خەڵکە برسیو هیلاكو خوێنمژراوەکە ڕایەکی تەواو خراپیان بەرامبەر ئەو یاسایە پەیدا کرد . «لە بارەی ئەمەوە پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە – یاکیمانسکی لە دیاربەکرەوە نووسی – جووتیارەکان ، بەتایبەتی کۆچەرەکانی کوردستانو میسۆپۆتامیا ، بەکردەوەیی ڕۆژانەیانا ئەم پارە بێ نرخە بەکار ئەهێنن و پارەی زێڕو زیو دروستکراو ناناسنو هەر نەیان دیوە»[20] . ئەبێ ئەوەش دەستنیشان بکرێت ، کە خەزێنەی هەرێمەکان بەنهێنیو لەپێشەوە ئاگاداری ئەوە کران کە نرخی پارە کەمئەکرێتەوە . جا پێش ئەوەی یاساکە بڵاو بکرێتەوە ، زوو

کەوتنەخۆیانو هەموو پارەو پوولە مەعدەنەکانیان گۆڕییەوە . ئیتر کە یاساکە دەرچوو ، خەزینەکانی میری پارەو پوولی مەعدەنییان تیادا نەمابوو . جگە لەمەش هەموو ئەو خەزێنانە پارەیان بەنیوە نرخ لە خەڵکی وەرئەگرت بەمەرجێك لە مانگی نیسان تێنەپەڕێت . بەکورتی ئەم پارە گۆڕینەوەیەو نرخ کەم کردنەوەیەی سەروەر لەسەر حسابی زەحمەت کێشان بوو .

میللەتیش وەلامی ئەم هەڵخەڵەتاندنو دەستبڕینەی میری بەڕاپەڕینو ڕاستبوونەوەیەکی چەکداری ڕووبەڕوو بداتەوە .

کوردە برسییەکەش دەست بە چەکەوە پەلاماری عەمارەکانی گەنمو جۆی داو مووچەخۆرە دەوڵەمەندەکانی کوشتو سەرکێشانە ڕووبە ڕووی ئەو هێزە تورکانە وەستا کە بۆ تەمێکردنیو باج کۆ کردنەوە نێردرانە سەری . ئەوەبوو کوردەکانی ماردین بەزۆر (٥٠) کیلە گەنمو جۆیان لە (جیلۆ) ناوێك زەوتکرد کە لە بازاڕی ڕەش نان فرۆشتندا ئیشیئەکرد . بەهۆی ئەمەشەوە چوونە مەیانی شەڕێکی قورس دژی سەربازە تورکەکان[21] .

دۆخی ژیانی دانیشووانی جزیرەو دیاربەکرو مووسلو ناوچەکانی تریش لەمە باشتر نەبوو . یاکیمانسکی لەو ڕاپۆرتەیدا کە بۆ باڵیوزی ڕووسیای نارد لە ئەستامبوولێ ، ئەوەی دەستنیشان کرد کە خەڵکی لەتاو برسێتی ناچاربوون گۆشتی کەر یان گژو گیاو ڕەگی ڕەوەك بخۆن[22] .

کاربەدەستانی ناوچەی دیاربەکر ، سڵیان لەوە ئەکردەوە ڕاپەڕینە بچووکەکانی ئەم شوێنو ئەو شوێن یەك بگرنو ببنە ڕاپەڕینێکی گشتی . لەوەش ئەترسان پەلاماری عەماری گەنمو جۆو ماڵی باج گرەکانو قاجاخچییەکان بدرێت . لەبەر ئەمە هاتن یاساوڵی تایبەتییان بۆ ئەو ماڵانە داناو دەروازەکانی شوورەی شارەکەشیان بە سەرباز تەنی . نیاز لەمە ئەوەبوو ڕێگا

نەدرێت کوردە برسییەکان بێنە شارەوە ، ئەوانەی لە هەموو لایەکەوە بەلێشاو روویان تێ ئەکرد .

برسێتی و بێ دەرامەتی کاریانکردە سەر کۆچەرو نیمچە کۆچەرەکانیش گەلێك لە کوردە خاوەن مەڕو مالاتەکان ، ئەوانەی لە بەخێوکردنی مەڕومالات کەوتبوون ، ناچاربوون شاخەکانیان بەجێ بهێڵن و رووبکەنە شارەکان ، یان هەولبدەن کارێکی وەرزی بدۆزنەوە ، واتە لای ئەم یان ئەو دەرەبەگ بینە شوانو خۆیانی پێ بژێنن .

هەزارەها کورد ، ئەوانەی بەهۆی گەرە لاوژەو پاشاگەردانی و برسێتییەوە کەوتبوونە دۆخێکی تەواو قورسەوە ، وازیان لە هەموو شتێکیان هێناو روویانکردە کۆنسوڵخانەی رووسیا بەو نیازەی دەستی یارمەتییان بۆ درێژبکرێت . لە مایسی سالی ١٨٨٠ دا سەرۆکی گیانی (پەتریارك) ئاسوورییەکان لە میدیاتەوە پەنای بردەبەر ماکیانسکی یاریدەدەری کۆنسوڵی رووسیا لە دیاربەکرو داوای لێکرد رێگا بدرێت بە دە هەزار کوردی موسولمان بچنە ژێر سایەی رووسیاوە ، یان رێگایان پێ بدرێت سنوور ببڕنو بچنە ناو ووڵاتی رووسیاوە .

گەلێك روویانکردە باکوور ، واتە بەرەو سنوورەکانی رووسیا . ئامانجیان ئەوەبوو پارچە نانێك دەستبخەن . رووداو دیوەکان نووسیویانە کە هەموورێگاو بانەکانی شاخی ئارارات بە کوردی رووتو برسی تەنرا بوون . گەلێك لەوانە لەتاو لاوازیو بێهێزی مردن(٢٤) .

ئەم دۆخی ژیانە قورسەی دانیشتووەکانی باکووری رۆژهەلاتی ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی هەستی ئەرمەنەکانی بزواند . گەلێك لە ئەرمەنەکانی رووسیا بەدەنگیانەوە چونو پارەو کەلو پەل یارمەتی برسییەکانی تورکیایاندا . بەشێك لەم یارمەتیانە بۆکوردەکان تەرخان کرا . بە واتەی رۆژنامەی (مشاك) ، ئەرمەنەکان لە ٢٥٪ ی یارمەتییەکەیان لە چوارچێوەی پارەو کەلو پەلدا دا بە کوردەکان(٢٥) .

(نووسەر باسی ئەوە ناکات جگە لە کوردەکان میللەتێکی تریش هەبێ خێر پێکردنو یارمەتیدان بهێنێ - وەرگێر) .

لە سالی ١٨٧٧ دا ، برسێتی بە شێوەیەکی قورس ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیشی گرتەوە . بۆنموونە : خوی ، ساوجبلاق ، ورمێ ، سنەو شوێنی تر . لەم ناوچانە خەلکێکی زۆری هەلاتوو لەتورکیاوە لەتاو برسێتی بەدی ئەکران ، ئامانجیان ئەوەبوو دەرفەتێکیان دەستبکەوێت . لەم ماوەیەدا لەسەر سنوورەکانی ئێراندا لە سنوورێکی فراواندا بازرگانی بە مندالان ئەکرا . بەپێی چەند هەوالێك شاری دیلمان بنکەی بازرگانی کردن بوو بە مندالانی کورد . لەوێ «کورد مندالانی خۆیان زۆر بە هەرزان ئەفرۆشت - ئەمەش بووبووە عادەت - .»(٢٦)

لەمەش زیاتر ، بەواتەی (ئەبۆتا)ی ، کۆنسوڵی گشتی ئینگلیزی لە تەبریز ، هەموو دانیشتووانی گوندێکی کورد لە ئێران مردن ، لە چەند گوندێکی تریشدا تەنیا ژنانو منالان مابوونەوە .»(٢٧) .

مووچەخۆرە دەولەمەندو خاوەن زەوی و زارە ئێرانییەکان ، کوردە برسییەکانیان بەسەرچاوەی هەرەشەو مەترسی دائەنا . هەرگیز هەرەشەیان ئەکرد عەماری گەنمو جۆکانیان تالان بکەن ، بیریان لەوە نە ئەکردەوە ئەو عەمارانە پارێزگاری ئەکرێن و بە ئاسانی نادرێن بەدەستەوە . «برسێتی لەو ناوچانە - رۆژنامەی مشاك ئەنووسێت - خەلکەکەی گەیاندۆتە رادەی هاربوون ، لەوەدا نەماون گوێبدەنە یاساو سڵ لە گوللەی یاساولەکان بکەنەوە ، بەهێرشەوە پەلاماری عەماری گەنمو جۆ ئەدەنو تالانیان ئەکەن» .

بەلام زۆری نەبرد کوردەکان وازیان لەو جۆری خەباتە عەفوییە ، واتە پەلاماردانی عەماری گەنمو جۆ هێناو هاتنە سەر ئەوەی خۆیان لە راپەرینێکی چەکداری رێکخراودا کۆبکەنەوە ، ئەو راپەرینەی لە سالی ١٨٨٠ دا تەقییەوەو بووە راپەرینێکی فراوانی میللی .